

# دەنکە چیرۆکە

تەها ئەحمەد ڕەسووڵ
(سلێمانی)

## لێبوردن

ساتی ڕێوڕەسمەکە بوو و تێکڕای سەرۆکی وڵاتانی جیهان لەبەردەم پەیکەری گۆی زەمین ئامادەبوون، پارچە موزیکی خۆشنوودی ژەنرا و سەرۆکەکان گوڵی تایبەتی وڵاتانی خۆیان خستە سەر کەژاوەکە، دواتر کەژاوەکە گەیشتە نزیک پەیکەرەکە و تاجەگوڵینە گەورەکەیان دانا، سەرۆکەکان پێکەوە داوای لێبوردنیان بۆ گۆی زەمین دووپاتکردەوە کە بەهۆی شەڕوشۆڕەوە جگە لە ماڵوێرانی بۆ مرۆڤەکان، لە ڕابوردوودا زیانیان بە سروشت و ژینگە و بوونەوەران گەیاندووە، پاشان ڕاشیانگەیاند نەریتی کۆتاییهاتنی شەڕ و جەنگ هەموو ساڵێک یاد بکرێتەوە و ڕێگە نەدەن هەرگیز شەڕ و ئاشووب لە هیچ بستە خاکێکی سەر ڕووی زەوی ڕووبدەن، هەروەها چەمک و وشەی شەڕ لە فەرهەنگی گەلانی هەموو جیهان جێگەی نەبێتەوە.

چیرۆکنووسەکە دوایین دێڕی چیرۆکەکەی دووبارە کردەوە و کۆتایی بە چیرۆکەکەی هێنا، پاشان نەک بەتەنیا لەلایەن ڕخنەگرانەوە، بەڵکو خوێنەرەکانیش ڕەخنەی توندیان ئاراستە کرد و پێیان وابوو هیچ لۆژیک و ڕاستییەک هاوشانی ڕووداوی چیرۆکەکە نابن و لە واقیعدا شتی وەها مەحاڵ و ئەستەمە. چیرۆکنووسەکەش بە سنگێکی فراوانەوە ڕەخنەکانی قبووڵ کرد و وتی: تا ئەم ساتەوەختەش دنیا بەم شێوەیەیە کە دەیبینین، بەڵام پێویستە لە داهاتوودا بگۆڕێ و ئەگەر چیرۆکەکانیش لەم پێناوەدا هەوڵ نەدەن، باشتر وایە هەرگیز نەنووسرێن.

## یادەوەری

سەرماوسۆڵەی زستان بوو، پێدەچوو بەهۆی بارینی بەفر لەسەر چیاکان هەواکە تەواو ساردبوو‌بێت دەنا لەناو شاردا تەنیا باران باریبوو، گەیشتە بەردەم باخی گشتی و یادەکانی گەڕانەوە بۆ ساڵانی ڕابوردوو، باخێکی پڕ لە درەختی چروپڕ و پێکداچوو و سەر شۆستەیەکی پڕ لە ڕیقنەی چۆلەکە و ڕیشۆڵەکان.

ئەو هەموو ڕیشۆڵەیە بەسەر درەختەکانەوە بوون، دەتوت هەموو ڕۆژێک بۆنی ڕۆژی سەری ساڵیان گرتووە و هەموو ڕۆژێک جەژنێکی تایبەتییە، کۆمەڵێک لە ڕیشۆڵە ڕەشەکان پێکەوە هەڵدەفڕین و کۆمەڵێکی دیکە پێکەوە دەنیشتنەوە، جریوە و جووکەی مەلەکان تەواوی ئەو ناوەیان جۆش دابوو، تەماشای ئاسمانی کرد و بە چەشنی پێشوو پۆلە ڕیشۆڵەکانی لە ئاسماندا بینی، لە ئاوازی هەمەچەشنەدا دەفڕین و بەیەک ئاراستە بەرز و نەوی دەبوونەوە، دەڕۆیشتن و دەهاتنەوە و لەگەڵ پۆلە ڕیشۆڵەی دیکەدا تێکەڵ دەبوون و نیگاری ڕەنگینیان لە ئاسماندا دەنەخشاند، گەڕایەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان و هەڵمژینی هەوای ڕابوردوو و دواتر لە نیگایەکدا گەیشتەوە بە ئاسمانێکی پڕ هەور و خاڵی لە ڕیشۆڵەکان.

خەمێکی قورس بەسەر ڕوخسارییەوە دیاری دەدا و بە نیگاکانییەوە گیرسابووەوە، ئەو هەموو گەرموگوڕی و خۆشییە چۆن کۆتاییان پێ هات و نەمان، نە دیمەنی پۆلە ڕیشۆڵەکان و نە بەفر و سەرما و زەقیتەی جاران، نە دیمەنی کوڕان و کچانی هەرزەی قوتابخانەکان کە دەمەو ئێواران دەگەڕانەوە و لە چاوەڕوانی هاتنی پاسەکاندا نیگا خێراکانیان دەگۆڕییەوە، نە خۆشەویستی، تەماشای کرد هیچ لەو شتانە بوونیان نەماوە و دنیا تژی بووە لە بێمانایی، بەڵکو دنیا و ژیانێک کە بێتام ڕێ دەکات و لە کونجەکانی یادەوەریشدا نامێنێتەوە.

## واژۆ

هەواڵە خۆشەکە دەماودەم دەگەڕا و گەیشتە ئەو کوڕەی تازە لە تاراوگە گەڕابووەوە، وتیان ئیتر خۆشی ڕوودەکاتە ئاوایی و کەس برسی نابێ و هەموو کەس بەدڵی خۆی دەژی، وتیان پیاوانی دەمڕاستی گوندەکە ڕێککەوتوون و بڕیاری تەواویان داوە و تەنیا یەک واژۆی ماوە، دوای واژۆکە خۆری بەختەوەری هەڵدێت، دوای مانگێک کوڕەکە وتی من دەبێ بگەڕێمەوە، وتیان چاوەڕێ بکە و هەرگیز مەگەڕێرەوە. ئەویش جانتاکەی هەڵگرت و وتی: ئەو واژۆیە هەرگیز جێبەجێ ناکرێت، چونکە دەمڕاستەکان خوێندەوارییان نییە و تەنیا پەنجەمۆریان هەیە!

## قوڕی قوتابخانە

لە پۆلی یەکی سەرەتایی بووین و مامۆستا محەمەدی وانەی کوردی ڕۆژێک قوڕی دروستکراوی سەناعی هێنا و وتی هەریەکەتان لەسەر ڕەحلەکەی خۆی بە مارمارۆکە پیتێک بنووسێت، عەشقی من بۆ ڕەنگ و بۆنی قوڕەکە هێندە بوو کە ویستم بیێتە هی خۆم، مارمارۆکەکەم باریکتر کردەوە تا نیوەی بدزم، بیرمە پیتی (ی)م نووسی، تا مامۆستاش هەست بەوە نەکات کە قوڕەکەم زۆر کەمە بە پەنجە لەسەر ڕەحلەکە پانم کردەوە، بۆ قوتابییەکانی تریشم نووسی، قوتابییەک لەدوامەوە هەستی کرد و شکاتی لێ کردم، وتی مامۆستا ئەمە قوڕەکانی دزیوە، هەڵبەتە زۆر سووربوومەوە و ترسام، بەڵام مامۆستا لە چاوی ڕەحلەکەدا قوڕەکانی دەرهێنا و وتی: بۆچی وادەکەیت؟ وتم حەزم لێیەتی، لێم قووڵ بووەوە و بە نیگایەکی خۆشەوە وتی با بۆ خۆت بێت.

ئەو چرکەیە چەندە پڕ بوو لە ترس و گومان و لە هەمان کاتیشدا خۆشی و بەختەوەری، ئەگەر مامۆستا هەڵوێستەکەی جیاواز بووایە بێ گومان من پێوەندیم بە ڕەنگ و هێڵەکانەوە نەدەما و هەرگیز نەدەبوومە شێوەکار.

## ستەمکار

هێندە خراپ بوو سەرلەبەری مرۆڤەکانی سەرزەمینی لەناوبرد، کاتێ تەنیا و تەنیا مایەوە، ترسی لێ نیشت و ئینجا تێگەیشت چی کردووە!!

## زیندانی

هەموو ڕۆژێک بەپەرۆشەوە تەماشای ئاسمانەکەی دەکرد، ئاسمان چەندە شیرین و چەندیش دوور بوو، دەنگی چۆلەکەکان سەبورییان پێ دەبەخشی، بیری لەوە دەکردەوە ڕۆژێک لە زیندان ئازاد بێ و تەنیا پیاسەیەک بە شەقامەکانی شاردا بکات.

لە دەرەوەش، خەڵکەکە لە ژیانیان بێزار بوون و بە ناڕەحەتییەوە دەیانڕوانییە ئاسمان، دەنگی چۆلەکەکانیش ئاسایی بوون و کەسێک نەبوو تاوێک گوێیان لێ بگرێت!

## دوایین بزە

گەڕایەوە بۆ دوێنێ، پاش نیوەڕۆ بەهرۆزی لە بازاڕ بینیبوو، سڵاوی لێ کردبوو، ئەویش بە بزەیەکەوە وەڵامی دابووەوە، بەهرۆز جگەرەیەکی تازە داگیرساوی پێ بووە، بە خۆی وت بزەکەی تێکەڵ بە ڕوانینێکی سەیر بووە، بزەیەک بووە وەک ئەوەی بڵێت تەنیا من ئەم نهێنییە دەزانم و کەسێکی تر نایزانێت، ناتوانن درکی پێ بکەن و کاری خۆم دەکەم، بەبیر خۆی هێنایەوە، ڕەنگە ئەو کاتە چووبێت گوریسەکەی کڕیبێت، دواتر چووەتە گۆڕستانەکە و بە درەختێکەوە خۆی هەڵواسیوە، بزەکەی وەک

مالّئاوایی نەکردووە، بۆ ئەوە بووە بلّێت دوای کەمێکی تر، پاش ناردنی نامەی مۆبایلەکە، ئیتر خۆم دەکوژم و کەس نازانێت وا دەکەم.

### عاشقەکان

هەمیشە تەماشای ئەو کچەی دەکرد کە ئێواران بەرەو مالّەوە دەگەڕایەوە، نەیدەتوانی هەلێک بدۆزێتەوە و ناخی خۆی بۆ هەلّڕێژێت، خۆشی دەویست، دەسووتا و خەیالّ و ئەندێشەی پڕکردبوو، ئەوەی لەمپەری سەرەکی بوو ئەوە بوو کچەکە بە هیچ شێوەیەک تەماشای نەدەکرد، یان شتێک بکات وەک ڕەفتار و هەستکردنیش، کوڕەکە پرووکابوو و کچەکەش دلّی لای کەسێکی تر بوو کە ئەویش گیرۆدەی دلّێکی تر بوو.

### خەیالّ

بووبوونە خاوەنی هەموو شتێک، شتەکان بریتی بوون لە پارە و سامانێکی زۆر، کۆمپانیای بازرگانی ناودار و دۆنم و زەوییەکی پڕ باخ و باخات، چەندان ئۆتۆمۆبێلی گرانبایی و ناوازە، ژمارەی ژنەکانیشیان هێندە زۆربوون لایان خۆش نەبوو پێیان بلّێن ژن و تەنیا بە ئافرەتی شۆخوشەنگ و جوان و بێ وێنە وەسفیان دەکردن، ڕۆژانە دەبوونە خاوەنی شتی زۆرتر و زۆرتر و بەهەشتەکانی سەرزەمین.

وەلێ بە ڕۆژ هەر خەوتبوون و تەنیا شەوان چاویان بە دنیا دەکەوت، لەبری نووستن و حەوانەوە، لەنێو نیشتمانی بەرینی خەیالّەکانیاندا کاتیان بەسەردەبرد و نائومێدانە مژیان لە جگەرەی هەرزانبایی دەدا، خەیالّەکانیان لەودیو دووکەلّی جگەرەکانەوە ڕۆشن دەبوون و دەبریسکانەوە، بێ ئەوەی کەسێک بتوانێت سنووریان بۆ دابنێ و یاسایەک بیانگرێتەوە، شەوانە وەک تاریکایی، بە خەیالّ بالّیان بەسەر دنیادا دەکێشا و دەبوونە خاوەنی هەموو ئەو شتانەی ئارەزوویان دەکرد.

### کتێبفرۆش

بەردەوام ڕەخنەی دەگرت، بەیانییەکیان کە کتێبەکانی لەسەر دیواری شۆستەکە ڕیز دەکرد، سەرنجی دا هەتاوێکی بەتینە و سێبەری درەختەکە نەماوە، وەختێ ئاوڕی دایەوە بینی درەختەکەیان لەبنەوە بڕیوەتەوە.

ڕۆژی دواتر دیوارەکەش نەمابوو.

### کاریتە

هەموو بەهارانێک کاتی لێزمەباران و هەورەبرووسکە، خێزانەکە ترسیان لێ دەنیشت، چونکە دلّنیابوون دووچاری بەرکەوتن دەبنەوە، خانووە گلّەکە لە نێوەند گەڕەکێکی شارەکەدا بوو و خانووەکانی تریش دیوارەکانیان بە بەرد و خشت هەلّچنرابوون و بە هەمان شێوە دارەڕا بوون و بانەکانیان گلّ بوو، کەچی لەنێو ئەو هەموو خانووەدا، تەنیا ئەویان بەر گورزی بەتینی هەورەبرووسکەکان دەبووەوە، ڕاستییەکەی نەدەزانرا ئەو خانووە چەند سالّ پێشتر دروست کراوە، لێ دەیانزانی خانوویەکی کۆنە و تەمەنی لە سەد سالّ زیاتر دەبێت.

ئەو جارەیان هەورەبرووسکەی پاییز چەخماخەی لێ دابوو و زۆربەی شووشەکانی جامخانەکەی شکاندبوو، مالّە دراوسێکانیش ئیتر دەیانزانی لە ساتی چەخماخە و هەورەگرمەدا ئەو خانووە بەر هەورەبرووسکە دەکەوێ و بۆ هەوالّ پرسین دەچوونە لایان.

دواتر ئەوە ئاشکرابوو کە هۆکاری بەرکەوتنەکان بۆ ئەو کاریتەیە دەگەڕێتەوە کە دارەڕاکانی دیکەی لەسەر هەلّچنرابوو، وترا ئەو کاریتەیە پێشتر قەدی درەختێک بووە و هەورەبرووسکە لێی داوە، لەو ساتەشەوە کە بووەتە کاریتە و کۆلّەکەی ئەو خانووە، ئیدی چەخماخەکان وەک نەخشەیەک بەدوویدا دەگەڕێن و دواتر خۆیانی تێدا بەتالّ دەکەنەوە.

دوایین جار کە دووچاری هەورەبرووسکە بووەوە، لە کۆتایی مانگی نیساندا بوو، شەوێکی درەنگ بوو و خێزانی مالّەکە هەموویان خەوتبوون، هەورەبرووسکەیەکی زۆر بەتین لێی دا و نەک تەنیا شووشەکانی جامخانە و پەنجەرەکان، بەلّکو شیشەکانی جامخانەکەشی لوول کرد و وایەرەکانی کارەبا و بۆڕی ئاوەکانی تەقاند و دەرپەڕاند، کاریتەکەش بێ ئەوەی هیچی لێ هاتبێت، وەک خۆی لە شوێنەکەی مابووەوە و پێ دەچوو لە چاوەڕوانی هەورەبرووسکەدا تەمەنی زیندوو بووبێتەوە!!

### چاوەڕوانی

دەمەو ئێوارە چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکرد، نەگەڕایەوە و ماوەی سێ شەوی تر هەر چاوەڕێی کرد، لە ڕۆژی چوارەمدا بینی خۆی کردەوە بە لانەکەدا، بە خۆشییەوە سەر لقی درەختەکەی جێهێشت و چووە سەر دەمی هێلانەکە، بەلّام بینی چۆلەکەیەکی ترە و هاوەلّەکەی خۆی نییە.

چۆلەکە مێیەکە لە ساتی ڕاوکردنی کۆترێکدا ساچمەی بەرکەوتبوو و لە پەنایەکدا گیانی سپاردبوو، چۆلەکەی هاوەلّی هەر چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکرد و هەموو هەست و

خەیاڵی هەر لای ئەو بوو.

**وێنەکان**

دوای تێپەڕبوونی سێ چارەکە سەدە، کاتێک دەروانیتە مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە دەڵێی جلوبەرگەکانیان وەک خۆیان دەمێننەوە و هیچ کۆن نابن، پۆشاکەکان دەڵێیت ئاوریشمن، یان لە لۆکەی زێڕ دروستکراون وەها ماونەتەوە و نە هیچیان لێ هاتووە، نە دڕاون و لەکەدار بوون، ئەوەتا هێشتاکە دوای تێپەڕبوونی مێژوویەک هەر ڕەنگی ڕەش و تۆخیان ماونەتەوە و وەچە دوای وەچە دەیپۆشن و وێنەی پێ دەگرن.

ڕوانییە وێنەکانی جاران، وێنەی ڕەش و سپی هەروەک دیمەنی مرۆڤەکانی ئەمڕۆ، بە هاوڕێکەی وت: هیچ جیاوازییەک ڕووی نەداوە، بڕوانە ژیانی ئەمڕۆش، جلوبەرگی ئەو خەڵکە وەک جاران هەر ڕەش و سپییە و هیچ ڕەنگێکیان تێدا نییە.

هاوڕێکەی پاش تەماشاکردنەوەی وێنەکان، وتی: هەرچەندە بەراوردەکە تەواوە، بەڵام من وا هەست دەکەم ئەو ژیانە ڕەش و سپییەی جاران ڕەنگینتر و خۆشتر بوون، بەڵکو ئێستا دنیایەکی ڕەش و سپییە و لە دنیای ڕەنگ نزیک نەبووەتەوە.

**میکرۆب**

هۆکارێکی دیاریکراو نەبوو تا ئەو میکرۆبە بکەوێتە گیانییەوە و وای لێ بکات هەمیشە گینگڵ بدات و لەنێو دوودڵی و ڕاڕاییدا بژی، بەڵکو هیچ کاتێکیش بیری لەوە نەکردبووەوە ببێتە نووسەر و لە بواری ئەدەبدا ڕۆمان و شیعر بنووسێت، ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بووبێت کە یەکێک لە هاوڕێکانی چیرۆکنووسە و بووەتە کەسێکی ناودار، یان ئەوەی لەنێو میللەتەکەیدا زۆرتر درەوشاوەیە، تەنیا شیعر و شاعیران و نووسەران بێت بە درێژایی مێژوو و هەموو سەردەمەکان.

هێندەی نەبرد، هەرچییەک کە دەیخوێندەوە و بەرچاوی دەکەوت لەژێر کاریگەریی نووسراوەکاندا ماوەیەک دەکەوتە ڕامان و بیرکردنەوەوە و خۆی لە هاوەڵ و هاوڕێکانی تەریک دەکرد، میکرۆبەکە بێدەنگ و بێڕەنگ کاری خۆی کردبوو و کەوتبووە وێزەیەوە، ڕۆژێک بەبیریدا هات شتێک بنووسێت، کەوتە نووسین و دارشتنەوەی ئەو شتانەی پێشتر خوێندبوونییەوە، بە شتێک لە دەستکارییەوە کارەکەی کرد و دواجار ناوی لێنا ڕۆمان.

ڕۆمانێکی دیکەشی نووسی، دواتر سێیەم و چوارەم و بیستەم و تا ئێستاش هەر لەو پیشەیەی بەردەوامە، نووسین و ئەزموونی هەموو نووسەر و ئەدەبی میللەتەکانی بەتاڵان بردبوو و خوێنەرەکانیشی بێ ئەوەی ئاگایان لە ڕاستییەکان بێت، پڕیان دەکرد بە کتێبەکانیدا و لە ماوەیەکی زۆر خێرادا، خێراتر لە چرکەکان و سووڕانەوەی هەسارەی زەمین، بووە پڕفرۆشترین و ناودارترین نووسەری میللەتەکەی.

سەبارەت بە خوێنەران و هەوادارەکانی باشترین نووسەر، بەڵکو ڕۆشنبیرترین کەسێتی بوو، ئەوەی ئاسایی نەبوو خودی خۆیشی ئەو ڕاستییەی بیرنەمابوو کە جگە لە نووسەرەوەی نووسراوەکان چی دیکە نییە، بەڵکو وتەی زل زلیشی فڕێ دەدا و گاڵتەی بە هەموو ڕەخنەیەک دەکرد بەرانبەری بووەستێتەوە و خۆی لێ بووبوو بە نووسەری پلە یەکەمی هەموو جیهان!

**کۆتایی**

بە پێدەشتەکەدا دەڕۆیشت، هەستی کرد لەناکاوێکدا بایەکی لەپڕ هەڵیکرد و گژوگیاکانی بەتوندی هەژاند، تەماشای ئاسمانی کرد و وەک ئەوەی دوو دەستی گەورە لەدواوە پاڵی پێوەبنێن وەها بەرەو پێشەوە تەکانی دا و دنیا بووە ڕەشەبا.. بووە زریان و تۆفان و وەیشومەیەک کە کەس بەبیریدا نەدەهات سروشت چۆن کتوپڕ شێت دەبێ و وەرزەکانی قڵپ دەکاتەوە.

نەیتوانی لە دۆخەکە شتێک بخوێنێتەوە و هەستی کرد قاچەکانی بەرەو بەرزایی دەڕۆن و وەک پوشکەیەک بە ئاسماندا دەفڕێت، لەنێو زریان و تۆفان و هەڵکشانی زەویدا بینی جگە لە فڕینی خۆی، درەختەکان و بەردەکان و گردۆڵکەکان، هەموویان ڕووەو بۆشایی ئاسمان ڕێگە دەبڕن و دەفڕن، چیاکانیش بە دوایاندا هەڵدەکشێن و لە زەوی جیا دەبنەوە، لەنێو شەپۆل و وژەی دەنگێکی تەواو بێ شوماردا بینی ئیدی هیچ شتێک وەک خۆی نامێنێ، بەڵکو زەمینیش خێرا دەجوولێ و ئامبازی ئاسمان دەبێت.

هەموو شوێنەکانی سەر زەمین لە وشکایی و دەریا و ئۆقیانووسەکان پێکەوە کەوتنە ئەو دۆخەوە و کەسێکیش ئاگاداری ئەوە نەبوو کە هەسارۆکەیەک خۆی کێشابوو بە گۆی زەویدا و بەخێرایی هەموو شتێکی خاپوور دەکرد، مرۆڤەکان و هەموو شتەکانی دیکە لە ژیار و سروشت بەرەو بۆشایی دەفڕین و...

(لێرەدا چیرۆکەکە بەرەو ئەو ئاکامە دەچێت کە هیچ خوێنەرێکیش نامێنێ تا بیخوێنێتەوە و وشە و پیتەکانیش لێکتر دەترازێن و کۆتاییان پێ دێت).